# شپرزەیی سیاسی و پاشەکشەی خشکەیی!

## کەمال ڕەئوف

لەکاتێکدا ئیدارەو دەستەی سەرك بوش لەبازاری سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا خەریکی هەڵخراندن و پێکەوەنانی هاوپەیمانن ودەیانەوێت لە کونگرەی ئەتڵەسی ئەم جارە کەبڕیارە لە کۆتای ئەم مانگەدا لە ترکیا ببەسترێت سەرنجی هاوپەیمانەکانیان ڕاکێشێن تاکو لەڕێگەی بەشداری سیاسی و مادی و ناردنی هێزەوە بۆعێراق فشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی سەر ئیدارەو هێزە سەربازیەکەیان کەم بکەنەوە , هەروەها هاوکات لەناوخۆشدا لەپشتی پەردەوە سەرقاڵی سازش وبەڵێن دانن بەشێك لەهێزە ئیسلامیەکان وهێزە عەشائیرییەکانی سەربەرژێمی کۆن , ئەم گەمەیە لەکاتێکدایەکە سەرۆك وەزیرانی شیعەو و سەرەك کۆماری سونی دەسنیشانکراو هێشتا لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکانیان نەبوونەتەوە و هیشتا لەسەرشانۆی سیاسی بەتەواوی دەوریان بۆدیاری نەکراوە , سەرکردە کوردەکانی بەشداربوو لەو گەمەیەدا کە دەبووهەرسەرەتا وەك حکومەت و ئیدارەی کوردی بەشداریان بکردایەو تەنانەت تادواین ساتەکانیش ئێستاشی لەگەڵ دابێت, خۆشیان دانیان نەنا بەحکومەتەکانی خۆیانداو وەك حیزب لەگەمەیەدا بەشداریانکرد , دوای ئەوەی دەستیان لەزۆر شت بەرداو ئێستا بەهەمووتوانایانەوە دەیانەوێت داکۆکی لەو سێ شارە کوردیە بکەن کەلەژێر کونترۆڵی خۆیاندا بمێنێتەوە , ئەمڕۆ بەئاشکرا هەست بەوەدەکرێ کەئەوان لەقەیرانێکی سیاسی دا دەژین و بەشپرزەییەکی زۆرەوە لەپەراوێزی ڕووداوەکاندا دەجولێنەوە و لەهەوڵی ئەوەدان کە هیچ نەبێت دەسەلاّتدارێتی ئەو چەند شارەیان لەدەست نەچێت , ئەوان لەبەشداری و هاوپەیمانێتی ئەمەریکا جگەلەوەی میراتگرەوەی برا بچووکیان بەرکەوت و زۆر کەمتر لەوەیان پێی ڕەوابیننرا کە چاوەڕوانیان دەکرد , لەهەمانکاتیشدا ئەو هاوپەیمانیتیە ئەو زیانەشی لێدان کەلەلای وولاّتانی هەرێمایەتی بکەونە ژێر پرسیارەوەو ئەو دۆستایەتیی و پەیوەندیانەی کەلەڕابردوودا بەخوێنی چەندین شەڕی ناوخۆو شەڕی پەکەکەو کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات بەدەست هاتبوو لەدەستی بدەن , شپرزەیی سیاسی سەرکردایەتی کوردی و تێکەولێکەی دبلۆماسیەتی هەردووحیزبە گەورەکەی کوردستان گاریگەری خۆی لەسەرهێزەکانیان و تەنانەت لەسەرمیدیاکانیشیان نیشان داوە , ئەوەتا هەربۆیە ماڵپەڕی یەکێتی لە ماوەی سێ ڕۆژدا سێ هەواڵی تەواو جیاواز لە دبلوماسیەتی مام جەلال و کاك مەسعود سەبارەت بەپەیوەندیان لەگەڵ ترکیادا بلاّو دەکاتەوە , کاك مەسعود کەبەهیوابوو سەردانی ترکیا بکات پێشتر ئەوەی ڕاگەیاند کەترکیا لە مەسەلەی داوای فیدراڵی بوونی کورد نیگەران نیە ودواتر هەرخۆی ووتی ئێمە چاوەڕێ ئەوان نین ڕازی بن یانا, تاڵەبانی کەلەهەفتەی ڕابردوودا سەردانی ترکیایکردو لەدوای چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ هەندێك لەبەرپرسە ترکەکان , لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ڕای گەیان کە لەگەڵ ترکیادا هیچ کیشەو خیلافێکیان نیە ولەسەر تەواوی مەسەلەکان کۆکن و ئامادەی تەواویان هەیە بۆهاوکاری یەکتری لەهەمووبوارەکاندا !, ئەو هەنگاوانە بەدوای ئەو تێکشکاندنانەدا دێت کە ئەو دووحیزبە بەخشکەیی دەستیان لە مەسەلەی کەرکوك و هەندێك شوینی تری کوردستان هەلگرت , هەروەها ئەوهەنگاوە بەدوای ئەو ئالۆ گۆڕانەدا دێت کە گەریلاکانی کوردستانی ترکیا کۆتاییان بە ئاگر بەستی نێوان خۆیان و دەوڵەتی ترك هێنا . ئەو ئالۆگۆڕانە لەکاتێکدایە کە میدیای ئەو دووحیزبە بەرەسمی سنوری کوردستانیان بە سنوری ئەو سێ شارەی بن دەستی خۆیان داناوەو لەچەندین شوێندا ئەو سێ شارە بەکوردستانی فیدراڵی لەقەڵەم دەدەن و باقیاتی شوێنەکانی تر بە دەرەوەی سنوری کوردستان و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فیدراڵیەکە دەناسێنن ,دەرکەوتنی پاشەکشانەی سەرکردایەتی کوردی و ئەو ئاماژانەی لەمیدیاکانی ئەو دوو حیزبەدەبینرێت پێناچێت هەر بەوەبووەستێتەوە کەئەو دووحیزبە دەست لە چەند ناوچەیەکی گرنگی کوردستان هەلگرن , بەڵکو لەوە دەچێت کوردبوونی ئەو کوردانەش بخەنە ژێر پرسیارەوە کە لەبن دەسەلآتی خۆیانادا نەژین .

Kamalrehuf300@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com